# ناسيۆنالزم و پاتيروتيك شەرمەزاريە بۆ بەشەريەت!

رعد سليم

ئەمە سەردێری هەنديك لە هەواڵ و رۆژنامەكانی فەرەنسا و جيهان بوو لەپاش ئەوەی ژان ماری لوپون سەركردەی بەرەی ناسيونالستەكان رێژەی دووەمی لە هەلبژلردنی سەرۆكايەتی فەرەنسادا كە لەرۆژی ٢١ ئەپريل دا ئەنجام درا بە دەست هێنا.

ژان ماری لوپۆن يەكيك لەو سەركردە ناسيونالستانەيە كە لە بەرنامەی حزبەكەيەدا بەئاشكرا سياسەتی فاشستی و راسيستی خۆی راگەياندوە، تيايدا بە ئاشكرا داوای سياسەتی دەركردنی كەسانی غەيرە نەژادی فەرنسی و پەنابەراەكان لەسەر خاكی فەرەنسا دەكا، هەروەها داوای سياسەتيكی هاوبەشی ئەوروپی دەكات لە دژی پەنابەران لە ولاتانی ئەوروپيدا. سياسەتی بەرەی نيشتيمانی فەرەنسی بەگشتی دژە ئينسانی وراسيستيانەيە كە هەرەشە لە مليوناها كەس دەكات لە ئەوروپادا. سياسەتی بەرەی نيشتيمانی و رابەرەكەی زۆر لە سياسەتی يۆری هەيدەری سەرۆكی پارتی سەربەستی نەمساوی توندترە، كە هاتنەسەركاری ئەو حزبە بۆ دەسەلات لە نەمسادا دنيای هاژاند.

لەماوەی ئەم سالانەی دوايدا زۆريك لە پارتە راسيست و فاشيستەكانی ئەوروپا بە تايبەتی لە نەمسا، دانمارك، نەرويج ، پرتوگال، فەرەنسا هۆلەندە..هتد لەسەر مەسەلەی بازارگەرم كردنيان لەمەر مەسەلەی دژە پەنابەران توانيان جاريكی تر بينەوە سەر گۆرەپانی سياسی.

مەسەلەی بەدەست هينانی زۆريك لە دەنگەكان لەلايەن(ژان ماری لوپون)وە فەرەنسا وجيهانی لەرزاند، خوپيشاندان و پيكادادان زۆريك لە شارە گەورەكانی فەرەنساو ئەوروپای گرتەوە، ترس كەوتە دلی مليۆنەها لە خەلكی فەرەنسا و بەتايبەتی پەنابەران و غەيرە نەژادی فەرەنسی. زۆريك لە رۆژنامەنووسان و سياسيەكانی فەرەنسا پاش ئەم هەلبژاردنە ترسی ئايندەی سياسی فەرەنسايان لیٚ نيشت.

لە يەكيك لە چاوپيكەوتنە تەلەفيزوينەكاندا يۆران پيرشونی سەرۆك وەزيرانی سويد رايگەياند كە زۆر نيگەرانە چوانترە بە ئەنجامی هەلبژاردنی سەروكايەتی لەفەرەنسا، وە ئەوەی دووپات كردوە كە پاتريوتك واتە (نيشتيمانچيەتی) و ناسيونالزم هەرەشە لە مليونەها ئينسان دەكات لە ئەوروپادا ، بۆيە پيويستە وريا بين.

گروپيك لەبەردەم كەنالەكانی تەلەفيزيون لە فەرەنسا بەتوندی هاواريان دەكرد: بەراستی شەرمەزاريە بۆ كومەلگای فەرەنسی كە ناسيونالزمەكان ئەوەندە دەنگ بێنن.

بەلی ناسيونالزم شەرمەزاريە بۆ بەشەريەت ئەمە پەيامی ماركسە بۆ كومەلگای مرۆڤايەتی، ئەمە شيعاری كۆمونی پاريس بوو، ئەمە شيعاری بەشيك لە لەخەلكی كوردوستان بوو لە راپەرين و شوراكانی سالی ١٩٩١دا.



©Kurdistan Net

ئەوئەوەی شایەنی باسە سیاسەتی ماری لۆپون بەرهەمی سەرهەلدانەوەی ئەو سیاسەت و بیروبۆچوونەیە فاشیزم و راسیستیە کە قەوم پەرستی و نیشتیمان دەخاتە پیش بەرژەوەندی ئینسان و مروڤایەتیەوە. ناسیونالزم هیچ کاتیك لەبەرژەوەندی بەرینی کومەلانی خەلك دا کار ناکات، بەرژەوەندی تویژیکە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و گرتنە دەسەلات، جیاکردنەوەی ئینسانەکان لەسەر ئەساسی نەژاد، قەوم ، زمان. بەلی ناسیۆنالزم و پاتریوتیکی شەرمەزاری و دژە ئینسانیە. پالەوانانی ناسیونالزم هیتلەر و مۆسولینی و سەدام حسینە، ئایا بەشەریەت چەند قازانجی لە نمونەی ئەم درندانە کردوە، بەغیری کویرەوەری ئاوارەی و جەنگ وقەتل عام و ئەنفال نەبیت.

ئەم دنیایەی ئیستا بە هەموو دەردی سەرەکانیەوە نابیت بەرەو دوواوە بگەریتەوە ئەبیت بەرەوپیشەوە بروات، مرۆڤایەتی شایستەی ئەم دنیایە نییە بەلکو شایستەی دنیایەکی ترە، دنیایەك باشتر کەتیدا ئینسانەکان رزگاریان بیت لە هەموو چەشنە چەوسانەوەیەك، وەهەموو هەلاواردنیك جنسی و قەومی و مەزهەبی.

لە کۆتایدا ئەوە دەلیم ناسیونالزم و قەوم پەرستی و نیشتیمانچیەتی گەورەترین هەرەشەیە لە داهاتووی بەشەریەت لەسەرتاسەری جیهاندا ، ئەرکی بەرەی ئازادیخواز و پیشکەوتووخوازان و کۆمونیستەکانە کە بە جوولە بکەون لەبەردەم ئەم مەترسیەدا. هەلبژاردنی فەرەنسی زەنگیکە بە گویَ ی هەمووانددا دەبیت بەخەبەر بیَن.

سوید
Raed@telia.com